# وەفایی شاعیر
# لە نێوان ڕۆمانسییەت و سیاسەتدا

نالە حەسەن
(کەنەدا)

### وەفایی و شیعری ڕۆمانسی

ڕۆمانسیزم قوتابخانەیەکی فەلسەفی، هونەری، کولتووری، ئەدەبی بوو لە کۆتایی سەدەی هەژدەمەوە سەری هەڵدا، لای زۆر لە شاعیران تا ئێستاش شیعری ڕۆمانسی درێژەی هەیە، ئەم قوتابخانەیە، یان باشترە بڵێین شیعری ڕۆمانسی لە هەڵڕشتنی سووتان و کڵپە ویژدانییەکانی ناخ و تەقاندنەوەی کانییەکانی سۆز و دەروونەوە هەڵدەقوڵێ، یان سەرسامبوون و دەربڕینی ناخ بە پێکهاتەکانی دەرەوە، وەک (جوانییەکانی سروشت و موعجیزەکان و گەورەیی و پیرۆزی پەروەردگار، عیشق و کاریگەرییەکانی دلبەر، کەسایەتی و پاڵەوانە ئەفسانەییەکان و زۆری دیکە...) لە بەرگێکی ئیستێتیکی و تا ڕادەیەکیش ئیرۆتیک دەردەبڕێت. بەمانایەک، شیعری ڕۆمانسی سووتان و هەڵقوولانەکەی لە ناخ و دەروونەوەیە بۆ کێشانی وێنەی پێکهاتە و شتەکانی دەرەوە، یان بە واتایەکی دیکە، ئاراستەکان لە ناوەوە بەرەو دەرەوەن.

وەفایی شاعیریش وەک هەر شاعیرێکی سەردەمی کلاسیک بەم دید و ڕوحە ڕۆمانسییەوە شیعری نووسیوە. هەست و خەیاڵە ڕۆمانسییەکان، پێکهاتە و جەستەی شیعرەکانی وەفایی ڕەنگ دەکەن. خولیا و خەون و خەیاڵە جوانەکانی ئاودامانن بە خەونی عیشق. عیشقێکی ئەفسووناوی و بێ ئەندازە تژی لە سووتان و کڕنووش بردن و تا ئاستی وڕێنەکردن و شێتبوون. وەفایی خۆی خەڵکی سابڵاخە و لە ڕێگەی حوجرەکانی ئایینییەوە خوێندەوارییەکی باشی هەبووە، بێجگە لە زمانی کوردی زمانی عەرەبی و فارسیشی زانیوە، بە زمانی کوردی و فارسی شیعری نووسیوە، قوتابخانەی هەبووە، قوتابیانی فێرە خوێندەواری و وێژە کردووە.. (ئەدەب) و (ئەدیب)ی شاعیر، پەروەردەی دەستی وەفایین. وەفایی لە ساڵی (١٨٦٦ی زایینی) دەچێتە نەهری و بۆ چەندین ساڵ لەلای بنەماڵەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری دەمێنێتەوە، لە ئاکامی دووری لە دۆست و یاران و هاوڕێ و کەسوکارە نزیکەکانی خۆی، هەمیشە هەست بە تەنیایی و بێ تاقەتییەکی ڕوحی کردووە، هاوکات کەسێکی هەست و سۆز ناسک و عاشق بووە. هەموو غوربەت و هەست و مەیلە ئیرۆسی و شەیداییەکانی خۆی، بە جوانکارییەکی ڕۆمانسییانە لە شیعرەکانیدا بەرانبەر پەیکەری دلبەرەکەی دەربڕیوە.. عیشق لە شیعرەکانی وەفاییدا سنوورێکی بەرینی داگیرکردووە، عیشق لە شیعرەکانی وەفایی دا حیکایەتێکی ڕۆمانسی و پڕ لە هەست و خولیای



**وەفایی**

چەپێنراوە، لە هەمان کاتدا هاوارێکە بۆ ڕزگار بوون لە دەست ئاهی تەنیایی و غوربەتی ڕوحی، دەگێڕنەوە وەفایی جارێکیان لە خزمەت شێخ عوبەیدوڵلادا دەبێت، لەو دەمەدا کەنیزەیەکی شۆخوشەنگی جوانکیلە و پەریئاسا دەبینێ، کە لە گوێسانەکەوە بە لەنجە و عیشوە و نازەوە خەریکی تەشی ڕستنە، بە نیگا گەرمەکانی جارجارەش ئاگر لە چاوەکان و جەستەی وەفایی بەردەدات، وەفایی-ش لە نێو ئەم سووتانە دۆزەخییە و بەرانبەر بەناز و نەرمونیانی و شۆخوشەنگی شیرین هەموو دەمارەکانی عاتیفەی دێتە سەما و وەسفی جوانی و لەنجەولاری و تەشی ڕستنەکەی دەکات و دەڵێت:

**تایەکی ڕیشەیی دڵ بە نووکی غەمزە دادا**
**دەستێکی بۆ سەما برد ڕووبەندی ماهی لادا**
**ئافەی گوڵی عەیان بوو عەطری بەدەم سەمادا**
**باریک و لووس و ناسک دوو زوڵفی خاوی لادا**
**وەک شاخی گوڵ بەلادا شیرین تەشی دەڕێسێ**

وەفایی لەم شیعرەیدا داهێنانێکی گەورەی کردووە، هەموو پێکهاتەی شیعرەکە، چ مامەڵەکردن لەگەڵ زمان و چ وەسف و وێنە و خەیاڵی شیعرەکە، هێندە لە بەرگێکی ناسک و جوانکاریدایە، شیعریەتی لێ دەچۆڕێت. بەهای جوانی شیعرەکە توانایی مانەوەی بەردەوامی هەیە. وەفایی وەک شاعیرێکی ڕۆمانسی جواننووس، بۆ دەرخستنی ناخ و دەروونی پڕ لە ناسۆری خۆی و هاوکات چەمانەوە و وەسفکردنی جوانییەکانی دلبەرەکەی هەوڵ و شیعری لەم بابەتەی زۆرن، ئەوەتا لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

**گوڵئەندام ئەی تەنافی گەردنم زوڵفی پەرێشانت**
**عیلاجێ چارەیێ ڕوحمێ ئەمان دەستم بە دامانت**
**غەریبی تۆم نەخۆشی تۆم بە گۆشەی چاوی بیمارت**
**ئەسیری تۆم شەهیدی تۆم بە نووکی تیری موژگانت**
**ئیشارەت ئافەتی ڕوحم کەلامت غارەتی کردم**
**تەبەسوم سیحری لێوانت تەکەلوم زێڕ و مەرجانت**

تا لە کۆتاییەکەیدا دەڵێت:

**(وەفایی) کەوتە حەلقەی زوڵفت ئیدی مەیدە بەر موژگان**
**کە من کوشتەی تەنافت بم چ حاجت تیرە بارانت**

وەفایی یەکێک بووە لەو شاعیرە هەست ناسکانەی کە هەموو جوانییەکانی ژیانی لە نێو جوانی زوڵف و موژگان و چاو و قەد و باڵای دلبەرەکەیدا بینیوە و هەموو خۆشی ئارامییەکانیشی لەنێو نیگایەکی گەرم و بزەیەکی مۆنالیزایی سەر ڕوخساری دلبەرەکەیدا هەست پێ کردووە.. لە هەمان کاتیشدا بەبێ هیچ گوشار لەخۆکردنێک هەست و خەیاڵەکانی لەنێو قووڵایی دەروون و ناخی هەڵقوڵاون. ئەم شاعیرە دڵتەڕ و دڵ پڕ لە برین و زووخاو بە ئاگری عیشق، وەنەبێت تەنیا ئاهوناڵە و سووتانەکانی تەنیا بۆ جوانیی دلبەرەکەی بووبێت و تەنیا وەک سوارچاکێکی شەیدا، شیعری عاشقانەی نووسیبێ، وەفایی هێندە هەست و سۆزێکی شاعیرانە و ڕۆمانسییانەی هەبووە، بە ئەندازەی دلبەرەکەی بە گوڵ و گوڵزار و ڕەنگینی و جوانییەکانی سروشت سەرسام بووە، وەک دەڵێن (هەرکەسێک دەسکە گوڵێکی بە دیاری بۆ هێنابا، وای دەزانی ئەسپێکی حەودیان پێشکەش کردووە...!) هاوکات لە باخچەی ماڵەوەیدا چەندان جۆرە گوڵی ڕواندووە لە چەشنی شەوبۆ و شەست پەڕ و زمانەگا و نازناز و لاولاوی زەرد و سوور و بنەوشە و گوڵەباخ و چەندانی دیکە، هەمیشەش جوانی گوڵ و گوڵزار و ڕەنگینی سروشتی بە جوانییەکانی دلبەرەکەی وێنە کردووە، یان بە واتایەکی دیکە، دلبەرەکەی هەمیشە بە گوڵزاری باغ و گوڵزاران وەسف کردووە، وەک گوڵێکی

جوان و گەش کە جوانی و ڕووناکی بە ژیان دەبەخشێت و بۆنوبەرامەکەشی دڵ و ڕوحی مرۆڤەکان ئاسوودە و ئارام دەکات، ئەوەتا لە شیعری (ئەی پڕتەوی حوسنت)دا دەڵێت:

**ئەی پڕتەوی حوسنت هەموو ڕەنگی گوڵەباخان**
**نەشئەی نەزەرت شەوقی دڵ و ذەوقی دەماخان**
**ئەسماء و صفاتن بە تەجەللا لە وجوودم**
**یا شەو بوو کە تۆ هاتی لێمت کردە چراخان**
**تۆ هاتیە گوڵشەن بە سەر و زوڵفی بڵاوت**
**زۆر پێ نەچوو ڕۆیی لە چەمەن لالە لەداخان**
**ئەو کوڵمە کە ئاسایشی سەد دائرە زوڵفە**
**گوڵ شەوقی بەشەو داوە چراخان لە باخان**

هەرچەندە وەفایی خۆی خەڵکی سابڵاخ بووە، بەڵام هەروەک لە سەرچاوەکان باس دەکرێ، وەفایی دوای ئەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری دەبێتە ڕابەر و مورشیدی خانەقای نەهری، (وەفایی)ش لەوساوە دەبێتە مورید و دواتر میرزای شێخ و چەندان ساڵ هەر لەماڵی شێخ لە ژوورێکی تایبەت بە خۆی دەمێنێتەوە.. شێخ عوبەیدوڵڵا کاریگەرییەکی بێ ئەندازەی لەسەر وەفایی دەبێت و لە هەمان کاتدا ڕێزێکی تایبەتی بۆ وەفایی دەبێت و زۆری خۆش دەوێت. (وەفایی)ش بێ ئەندازە سەرسامە بە جوامێری و شەهامەت و سەنگینی و لێهاتوویی شێخ، چ وەک پیاوێکی ئایینی و چ وەک سەرکردە و قارەمانێکی ئەوکاتە.. پاش ئاوارەبوونی شێخ و دواتر کۆچکردنی یەکجارەکی، مردنی شێخ کاریگەرییەکی بێ وێنە لەسەر باری دەروونی و ڕوحی وەفایی دادەنێت.. ئەم کاریگەرییە لە قەسیدەیەکیدا ڕەنگ دەداتەوە و وەک شیوەنێکی تایبەت بە ماڵئاوایی کردنی شێخ عوبەیدوڵڵای سەرکردە، هاوکات لەگەڵ شێخ عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵاش هەمان نزیکایەتی هەیە، بە هەمان خۆشەویستی و دڵسۆزییەوە، شیعر بۆ ئەمیش دەنووسێت..

وەفایی لە شیعری (شیوەن)دا بۆ شێخ عوبەیدوڵڵادا دەڵێت:

**درێخا بای خەزان دایە بەهاری شۆخ و ڕەعناکەم**
**لە ئیزهاری عەمەل کەوت ئافتابی عالەم ئاراکەم**
**وەرەق و ڕێزان خەزان کەوتە ڕزان وەضعی چەمەن گۆڕا**
**بەسەر چوو فەصلی گوڵگەشت و تەماشای باخ و صەحراکەم**
**خەزان هات و چەمەن چۆڵ بوو لە نەغمەی بولبول و قومری**
**درێخا حەسرەتا بۆ گوڵعوزاری سەر و باڵاکەم**
**لە گریان ئاسمان دامانی سوور بوو شینی داناوە**
**مەگەر گیراوە یا مائیل بە شەو بوو ڕۆژی ڕووناکەم**

تا دەگاتە...

**بە قوەی جاذبەی دڵتان (وەفایی) دەست و دامانە**
**چ نابێ گەر لە سایەی ئێوە قەتعی ما سوی الله کەم**

هەروەها لە قەسیدەیەکی دیکەدا بەناوی (بۆ شەهیدی نیشتیمان شێخ عەبدولقادر......) دا دەڵێت:

**گاه دەگرییێم گاه دەسووتێم غەرقی ئاو و ئاورم**
**ئاخ لە بەر بەختی سیا نازانم ئەز بۆچ نامرم**
**هەر کە دەتبینم دەڵێی تۆ شەم منیش پەروانەتم**
**تا سەراپا ئەبمە کۆی زوخاڵ قەت ئارام ناگرم**
**هەر ڕەگەم تارێکە تالەی دێ لە شەوقی ڕوویی تۆ**
**عەندەلیب و موطربم خۆشخوان گوڵی ڕامووشگەرم**
**عەکسی زوڵفی ڕووتە مایەی جۆششی گریانی من**
**چی بکەم ئاخر چاو پڕ ئاو و دوودی عودی مەجمەرم**

تا دەگاتە..

**وەک (وەفایی) دڵ بدە و دین دانێ بۆ صاحب دڵێک**
**تا بزانی بۆچی من عاشق بە حوسنی قادرم**

## وەفایی و شیعری سیاسی

وەفایی شاعیرێک بووە زیاتر لەنێو ڕووبەری عیشق و حەسرەتەکانی ئەویندا داهێنانەکانی خۆی کردووە، شیعرەکانی هۆکارێک بوون بۆ دەربڕینی کڵپە و سووتانەکانی دەروون و هەست و سۆزی ناوەوەی.. کەمتر بەلای سیاسەتدا ڕۆیشتووە.. دەتوانین بڵێین وەفایی هێندەی شاعیری عیشق و جوانی بووە، هێندە شاعیری نەتەوە و نیشتیمان نەبووە.. با بزانین مامۆستا گیو موکریانی لە پێشەکی دیوانەکەی وەفایی لەم بارەوە چی بۆ نووسیوە:

(هەرچەندە "وەفایی" یەکێک بووە لە ورشەدارترین ئەستێرەکانی وێژە کە لە ئاسۆی سابڵاخەوە هەموو کوردستانی ڕەوشەن و تروسکەدار کردووە و لە سایەی هەوایانی تەڕ و خۆش و ئاهەنگە نووژەنە دڵڕفێنەکانی..)، دیارە ئەم سەرەتایە دانپێدانان و خوێندنەوەیەکی دروستە بۆ شیعر و داهێنانەکانی وەفایی، بەڵام ئەوە ئەسڵی مەبەستەکەی مامۆستا گیو نییە، بەڵکو ئەوە سەرەتایەکە بۆ هەڵڕشتنی بیرۆکەی



گیو موکریانی

دیکە کە دەڵێت (هەڵبەست نموونەی هەستی نەتەوەیە و بوێژ و هەستیاریش دەبێ هەست بە زۆرترین چتی وا بکات و لە نهێنییانی ئەوتۆ بدوێ کە بیری کەسی پێ ڕانەگات و دەبێ پەردە لەسەر زۆر چتی داپۆشراوی وا لا ببات کە سوودی کۆمەڵ و گەل و نیشتیمانی تێدا بێت..)، ئەوە ڕوانگەی مامۆستا گیوە بۆ شاعیر و شیعر. بەمانای شیعر دەبێ لە چۆن ڕووبەڕێک کار بکات و خۆی لە قەرەی چ بابەتێک بدات، یان بە واتایەکی دیکە، ئەمە وەزیفەی شیعرە، ئینجا هەر لەم پێشەکییەدا لە دوای ئەم پەرەگرافە مامۆستا گیو دەبێژێت (منیش لەو ڕووەوە بە نێوی هەموو کورد و کوردستان پەرستێکی پاک و یەک ڕەنگ بە گشتی و بە نێوی هەموو دڵسۆزێکی دڵ و دەروون پاکی موکریانییەوە، بە تایبەت بە هەزاران پەرۆش و داخەوە گلەیی لە ڕەوانی وەفایی دەکەم کە بۆچی تەواوی سەلیقە و لێهاتوویی و توانایی زانست و بیروباوەڕی خۆی لە پێناوی خەت و خاڵی یار و خانەقا و شێخەکاندا چوواندووە و بۆچی دەبێ کەم و زۆر ئاوڕێکی لە کوردستانێکی دابەشکراو و کوردێکی دواکەوتوو و بەشخوراو و دیل و ئێخسیر نەداوەتەوە، وەک خانی و سالم و حاجی و ئیتر، تا ئێمە ئەمڕۆ لە جیاتی گلەیی شانازیمان پێوە کردبا..) دیارە مامۆستا گیو هێندە دڵ پڕ و تووڕەیە لە وەفایی، بۆیە دڵی بەم گلەییانە ئاو ناخواتەوە و لە شوێنێکی تردا دەڵێت (بەڕاستی ئەگەر ئێستا وەفایی سەری خۆی لەژێر خاکی دەرێنی و تەماشایەکی هەستی بەرزی هاوزمان و بوێژەکانی ئەو سەردەمەی بکات و بە وردیش سەرنج بداتە سەر ئەو کارەساتەی کە بەسەر شەهیدانی ڕێگای ئازادی بەهەشتی شێخ عبدولقادری نەهری و سەید محەممەدی کوڕی هاتووە، کە ئەو دەیپەرستن، ئەگەر گۆڕ وەخۆی گرێتەوە لە شەرمەزارییان خۆی داوێتە نێو دڵی گۆڕەکەیەوە و لەو بڕوایەیدام کە لە ڕۆژی پەسلان (یوم القیامة)یشدا ڕووی وەی نابێ سەر بڵند کاتەوە..) مامۆستا گیو لە بڕگەیەکی دیکەدا بە ئاشکراو بە ڕوونی هیچ لە دڵی خۆیدا ناهێڵێتەوە و دەڵێت (ئەوێستا ئەمن بە ڕاستی لایەنگیری وەی نەبووم کە بەو هەموو ڕەنج و ئەرکەوە ئەم دیوانە چاپ و (وەفایی) بەو هەموو بەدنمەکی و سپلەیی و تاوانەوە بخەمە ریزی بوێژە بەرێزەکانمانەوە، بەڵام فەرموودەی مێژووناسی گەورە و بەنێوبانگ، بەهەشتی داماو (حوسێن حوزنی) موکریانی برام ناچاری کردم کە هەزار جارانم پتر لێ بیستووە دەیفەرموو (ئەگەر بە زمانی کوردی جنێوم پێ بدرێ لەوەم پێ خۆشترە کە بە زمانی بێگانان ئافەرینم لێ بکرێ)..... دیارە بەندەش بە بەختیاری کاتی مان و نەمانی خۆمی دەزانم کە بۆ هەموو فەرمانێکی کاکی گەورە و گران یەکڕەنگی خۆشی نەدیتووی خۆم کورنووشێ بەرم...). بەمانایەک ئەگەر لەبەر فەرموودە و قسەکانی بەڕێز حوسێن حوزنی موکریانی نەبا، مامۆستا گیو لەبەر ئەوەی وەفایی شیعری سیاسی نەگوتووە، ئامادە نەبوو دیوانەکەی بۆ چاپ بکات، چونکە لە گۆشەنیگای مامۆستا گیو، شاعیران وەک چۆن لە خەمی چەمکەکانی عیشق و بابەتە زاتی و دەروونییەکانی خۆیانن، بەهەمان شێوەش دەبێ لە خەمە نەتەوایەتییەکان و خاک و نەتەوە و نیشتیمانیدا بن.

### وەفایی و هەستی نەتەوەیی

لەم لێکۆڵینەوەیەدا بە تێڕامان لە سەرتاپای شیعرەکانی وەفایی، دەبینین وەفایی کەمتر لە ڕووبەری سیاسەتدا ئیشی لەسەر شیعرەکانی کردووە و زیاتر هەست و سۆز و دەروونی خۆی بەرانبەر مەحبووبەکەی، هەستی تەنیایی و غوربەتییەکانی خۆی، یان

سەرسامییەکانی بە دنیای دەرەوە دەربڕیوە. لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین قسە لەسەر کەسایەتی وەفایی، یان کۆی هەستی نیشتیمانپەروەری و هەستە نەتەوایەتییەکانی ئەم کەسایەتییە بکەین، ئەویش بە پشت بەستن بە کتێبی (بیرەوەرییەکانی وەفایی) کە لە گرد و کۆی مامۆستا (قازی محەمەد خزر) و وەرگێڕانی لە فارسییەوە (محەمەد حەمە باقی)یە. ئەم کتێبە پێمان دەڵێت: (وەفایی لە ساڵی ١٨٦٦ز چووەتە خزمەت شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری، واتە ساڵێک دوای ئەوەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە جێی شێخ محەمەد ساڵحی مامی لە خانەقای نەهری دەبێتە جێگر و مورشیدی تەریقەتی نەقشبەندی.. ل٥).. وەفایی لەو کاتەی دەچێتە خزمەت شێخ و هەروەک لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باسی دەکات، نزیکەی بۆ ماوەی چواردە ساڵ دەبێتە ئەڤینداری و دڵسۆزێکی شێخ، واتە دەبێتە مورید و بە هۆی ئەو ڕێز و کەسایەتییەی هەیەتی، لەلایەن شێخەوە بە میرزا بانگ دەکرێت و دەبێت بە یەکێک لە مورید و میرزاو دۆستێکی زۆر نزیکی شێخ عوبەیدوڵڵا، لەوێدا بەردەوام دەبێت تا دوای ساڵانی ڕاپەڕینە بەناوبانگەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری.. کە ئەم ڕاپەڕینە ڕۆڵێکی بەرچاو و بە نوێترین ڕاپەڕینی ئازادیخوازانە لە مێژووی بزاڤی کورددا باس دەکرێت.. مەبەستی ئەم ڕاپەڕینەش بە دژی فارسەکان بوو، بۆ ڕزگارکردنی هەردوو بەشی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشوور بۆ پێکهێنانی قەوارە و دەوڵەتێکی کوردی لە ناوچەکەدا.. بێ گومان شێخ عوبەیدوڵڵا خاوەنی نزیکەی ٢٠٠ گوند بووە.. دوای ئەوەی لە ساڵی ١٨٦٥ز دەبێتە مورشیدی تەریقەتی نەقشبەندی کە خانەقای ئیرشادی لە خانەقای نەهری دەبێت، لە ویلایەتی هەکاری، لە ڕووی جوگرافییەوە کەوتووەتە ناوەڕاستی کوردستانەوە شێخ دەسەڵات و ڕابەرایەتییەکی فراوانی ناوچەکەی دەکرد، کە پێکهاتبوو لە سەدان مەلا و میرزا و ئاغا و سەرۆک خێڵ و عەشیرەت و خەلیفە و مورید و سۆفی، تەنانەت لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە، هەروەک وەفایی بۆمان باس دەکات، دیوەخانی شێخ لە خەڵک جمەی هاتووە، ڕۆژانە ٤٠٠ تا ٥٠٠ میوان لە هەموو پلە و ئاستەکانەوە لە دیوانی شێخ میوانداری و خزمەت کراون.. وەفایی لە پێوەندییەکی زۆر نزیک دەبێت لە شێخ و جێگە و پایەیەکی تایبەتی دەبێت.. هەر لە ماڵەکەی شێخ سوکنەیەک بە وەفایی دەدەن و لەوێدا وانە بە کوڕەکانی شێخ و هەندێک لە منداڵانی بنەماڵە دەڵێتەوە.. وەفایی دەبێتە میرزا و بە یەکێک لە جێگای متمانە و پاوەڕپێکراوی شێخ عوبەیدوڵڵا، تەنانەت وەفایی زۆربەی نامە تایبەت و نهێنییەکانی شێخ دەنووسێت و لەوەش زیاتر، هەروەک وەفایی خۆی دەڵێت (هەمیشە کیسە مۆری موبارەکی حەزرەتی شێخ لەلای من بووە..)، یان تەنانەت لەو گەشتە هاوینانەدا کە شێخی نەهری، هەواری بۆ بناری هەندێ زۆزانی نزیک بردووە، وەفایی دەڵێ (هەر بە تەنیا من و سەیید عەبدولڕەحمانی خزمی شێخ، مەحرەمی ڕاز و نهێنییەکانی ڕەشماڵی تایبەتی شێخ بووین.. ل٢٢).. لە هەمان کاتدا شێخ بۆ زۆر کاروباری سیاسیی گرینگیش هەر متمانە بە وەفایی دەکات و بە نوێنەرایەتی خۆی دیاری و دەستنیشانی دەکات. بۆ نموونە، ئەو کێشەیەی کە ساڵی ١٨٧٤ز لە ئەنجامی ئەو کوشت و کوشتار و زوڵم و ستەمەی میری ورمێ و مەرگەوەڕ بەرانبەر دانیشتووانی ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی شێخ دەیکەن، دەبێتە هۆی دروستبوونی پشێوی کێشەی سیاسیی بۆ هەردوو سنوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی و ئێران. لە ئەنجامی ڕەخنە و گوشار و گازاندەی شێخ عوبەیدوڵڵا، کار دەگاتە ئەوەی پێکهێنانی کۆمیسیۆنێکی نێودەوڵەتی کە بریتی دەبێت لە نوێنەرایەتی هەردوو دەوڵەتی ئێرانی و عوسمانی و نوێنەری شێخ عوبەیدوڵڵا، هەروەک وەفایی لە بیرەوەرییەکانی باسی دەکات (وەفایی خۆی لەم کۆمیسیۆنەدا دەبێتە نوێنەر و دەمڕاستی شێخ و لە هەمان کاتیشدا دەبێتە سکرتێری کۆمیسیۆنە سێ قۆڵییەکە و بۆ ماوەی "١٤ - ١٥" مانگ، خەریکی چارەسەری ئەم کێشەیە دەبن).

لێرەدا دەبینین، لە پاڵ باوەڕ و مەسەلە ئایینییەکان، وەفایی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ لە ژێر ساباتی بنەماڵەیەکی ئایینپەروەر و نیشتمانپەروەر و خەمخۆر بۆ کێشە و مەسەلە نەتەوایەتییەکان ماوەتەوە، لە پێناو چارەسەرکردنی کێشەکان و بەدیهێنانی مافەڕەواکانی کورد هاوکار و کەسێکی دڵسۆز و جێگای متمانەیان بووە، ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە وەفایی تەنیا خاوەن خوێندەواری و ڕۆشنبیرییەکی شیعری و ئەدەبی نەبووە، بەڵکو خاوەن بیروباوەڕێکی نەتەوەیی و کەسێکی نیشتیمانپەروەریش بووە، هەر بۆیە لە ئاکامی جوامێری و لێهاتوویی خۆی ئەم جێگا و پایە و ئەم متمانەیەی لە شێخ عوبەیدوڵڵا و دواتر شێخ

عەبدولقادری کوڕی و تەواوی بنەماڵەی نەهرییەوە بەدەست هێناوە.

شێخ عوبەیدوڵڵا دوای ڕاپەڕینەکەی، لەسەر داوای کاربەدەستانی کورد لە ژێر گوشاری ڕووس و ئینگلیز و ئێران، دوای زۆرێک لە دانیشتن بە مەبەستی گفتوگۆ، داوەتی دەکەن بۆ ئیستەنبۆل، سەرەتا ڕێز و حورمەتی زۆری دەگرن، دواتر تەڵەکە ئاشکرا دەبێت و دەستبەسەری دەکەن، دوای مانەوەی دە مانگ بە دەستبەسەری، پاشان لە ئابی ساڵی ١٨٨٢دا بە پاسپۆرتێکی دروستکراو توانی بگەڕێتەوە بۆ بارەگاکەی خۆی لە نەهری. هەمدیسان جارێکی دیکە، لەسەر داوای ئێران و بەریتانیا و ڕووس گوشار خرایەوە سەر تورکان تا لە هەوڵێکی دیکە، چەکدارە تورکەکان «شێخ»یان بە دیل گرتەوە و لە ٢٩ی ئەیلوولی ١٨٨٢ بە دیلی ڕەوانەی «مووسڵ»یان کرد، لەوێوە بەرەو ئەسکەندەروونە و لەوێشەوە بۆ بەیرووت، پاشان بۆ حیجاز دوورخرایەوە، لەوێ مایەوە تا لە ساڵی ١٨٨٣دا کۆچی دوایی کرد. وەفایی دوای مەرگی شێخ عوبەیدوڵڵا، تا ماوەی هەشت ساڵ چاوی بە بنەماڵەی شێخ نەکەوتووە تا لە ساڵی ١٨٩١ وەفایی لەگەڵ خەلیفە مەلا عەبدوڵڵای زەردەدرووی هاوڕێیدا بە مەبەستی زیارەتی شێخ عەبدولقادری تاقە کوڕی شێخ عوبەیدوڵڵا بەڕێ دەکەون. وەفایی هەمان هەست و دڵسۆزی و وەفاداری و لە هەمان پێوەندی لەگەڵ شێخ عەبدولقادریشدا دەبێت.. لە ساڵی ١٨٩٥ لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەمەوە ڕێگە بە شێخ دەدرێ تا بە ماڵ و منداڵەوە بگەڕێتەوە بۆ ئیستەنبۆل، کە ئەویش لەو سەردەمانەوە لەگەڵ باوکی هەندێک لە کەسانی بنەماڵەکەی نەفی کراوە.. شێخ عەبدولقادر کە دەگەڕێتەوە ئیستەنبۆل، داوا لە وەفایی دەکات، کە خەریکی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی بێت تا ئەمیشی بۆ چاپ بکات. شێخ عەبدولقادر ماوەیەکی زۆر لە حیجاز بە دوورخراوەیی دەمێنێتەوە، تا سەردەمی ڕووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی و سەرکەوتنی مستەفا کەمال. جارێکی دیکە ڕێگەی پێ درا بۆ ئیستەنبۆل بگەڕێتەوە، دوای گەڕانەوەی بۆ ئیستەنبۆل، دەکەوێتە پێوەندی لەگەڵ دۆستان و سیاسەتمەدار و ڕووناکبیرانی کورد. لە ماوەی ساڵانی (١٩١٠- تا ١٩٢٤ز) لە پێکهێنانی چەندین ڕێکخراوی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و سیاسیدا.. بەشدارییەکی کاریگەر و ڕاستەوخۆیان لە دۆخی کورددا کردووە، بە تایبەت لە پێکهێنانی (کۆمەڵەی تەعالی کوردستان)دا و خۆی بووە بە سەرۆک، دوای ئەوەی مستەفا کەمالی تورک لە هەموو بەڵێنەکانی پەشیمان دەبێتەوە، بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ڕووبەڕوو بوونەوە و ڕاپەڕین شێوەیەکی دیکە وەردەگرێ. تا لە ئاکامدا شۆڕشی "١٩٢٥" بە سەرکردایەتی شێخ سەعیدی پیران هەڵدەگیرسێت کە شێخ عەبدولقادر یەکێک لە سەرکردە درەوشاوە و بەرچاوەکانی ئەم شۆڕشە دەبێت. هێزەکانی تورک زۆر دڕندانە ئەم شۆڕشەیان سەرکوت کرد و ڕابەرانی شۆڕشەکە و ڕووناکبیرانی کوردستانی تورکیایان بە سەدان و بە هەزاران گرتن و کوشتن، دواتر لە سێدارەیان دان.

زۆر لە شاعیرانی کورد لە سەروویانەوە پیرەمێرد چەندان شیعری بە بۆنەی لە سێدارەدانی ئەم خەباتگێڕانە بە گشتی و شێخ عەبدولقادر بە تایبەتی نووسیوە، کە ئەمانە هەندێک لە نموونەی ئەو شیعرانەیە.

**هاتن شەهیدەکان بە جلی سووری خوێنەوە**
**دایکی وەتەن دە هەستە سڵاویان بسێنەوە**
**شێخ قادرە لە پێشەوە، سەرقافڵەی ئەوان**
**چەند جوانە، خوێن و ڕیش سپی، پیر و نەوجەوان**

تا دەگاتە..

**ئەو جەژنەی میللەت تێیدا کەساسە**
**من سەرم شینە و بەرگم پەلاسە**

### شاعیر و شیعر و سیاسەت

سەرەتا هەوڵ دەدەین، لەسەر ڕوانگە و بیرکردنەوە و قسەکانی مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست مامۆستا گیو موکریانی قسە بکەین، بەرانبەر شیعر و زمان و ئیستێتیکا، لە هەمان کاتیشدا پێوەندی نێوان شیعر و سیاسەت. بەر لەهەر شتێک دەمەوێت ئەوە بڵێم، ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بۆ شیعر، بیرکردنەوەی زۆر نادروست و کورت بینن، بیرکردنەوەی قووڵ نەبوونەوە و خۆماندوونەکردن و بیرکردنەوەی دروشمئاسا و جۆرێک لە هەڵوێست نواندنە لەسەر حیسابی شیعر و ئیستێتیکای شیعری. ناکرێ ئەگەر کەسێک شیعری نەکردە هۆکارێک بۆ کێشە و مەسەلەیەکی دیاریکراو، یان شیعری نەخستە خزمەت سیاسەت و کێشە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان، ئەوە ئەو کەسە بە سپڵە و تاوانبار، یان لە ئاستێکی نزم لە کەسایەتی و شیعرەکانی بڕوانین و ڕووی ئەوەمان نەبێت شیعرەکانی بۆ چاپ بکەین. هەروەک ئەوەی مامۆستا گیو لە پێشەکی دیوانەکەی وەفاییدا

نووسیویەتی، لەولاوەش شیعرەکانی ئەو کەسە لێوانلێو بێت لە جوانی و لە شیعرییەت. کێشەکە لەوەدا نییە کە مامۆستا گیو لە ساڵانی حەفتاکانەوە ئەم قسانەی کردووە، کارەساتەکە لێرەدایە ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بۆ شیعر و ئەدەب ئێستاش ئامادەیی هەیە، کە بە بڕوای من بیرکردنەوە و تێڕوانینێکی زۆر نادروستە. مەرج نییە هەموو کەسێک لەسەر سیاسەت بنووسیت، لەگەڵ ئەوەش شیعر وەک ژیان هێندە ڕووبەرێکی فراوانی هەیە کە جێگای هەموو چەمک و بابەتێکی تێدا دەبێتەوە، بە سیاسەتیشەوە.. من بەلامەوە ئاساییە شیعر دەم لە هەر بابەتێک بدات، بەڵام بە زمانی شیعری و ئیستێتیکای شیعر نەکرێتە قوربانی هیچ بابەتێک. شیعر بێجگە لە گەمەیەکی زمانەوانی، هیچی دیکە نییە.. یان دەتوانین بڵێین شیعر گەمەیەکی ئیستێتیکییە لەنێو ڕووبەری زماندا. شاعیر خۆی بە پێی ئارەزووەکان و بیرکردنەوە و خەیاڵەکانی بڕیاری ئەوە دەدات لەسەر چی بنووسێت، نە پێوەندی بە زەمەنەوە هەیە و نە پێوەندی بە کێشە و پێکهاتەکانی دەرەوە هەیە.

شاعیر لە ڕێگەی حەزە چەپێنراوەکانی نێو ڕووبەری نەستی، لەگەڵ ڕابردوو دەدوێت، لە ڕێگەی خەیاڵەکانییەوە لەگەڵ ئێستا دەدوێت، لە ڕێگەی خەونەکانیشی لەگەڵ داهاتوو دەدوێت.. بێ گومان هەمووی لە ڕووبەرێکی نادیار و بەهۆی گەمەیەکی زمانەوانییەوە، ئەوە خوێنەر و ڕەخنەگری زرینگ و بە سەلیقەن لەگەڵ دەقدا شۆڕبینەوە و بگەنە قووڵاییەکان و لە نێو ڕووبەرە نادیارەکان، نەبینراوەکان بە بینراو بکەن و هێما و کۆدەکانمان بۆ بکەنەوە، هاوکات لە ڕێگەی خوێندنەوەکانیان دەقێکی نوێمان پێ ببەخشن. وەفایی هیچ گوناهێکی نییە کە لە نێو شیعرەکانیدا سیاسەتی نەکردووە و ئەو لە ڕێگەی دیکەوە خزمەتی نەتەوە و خاک و نیشتیمانی کردووە، وەک کەسێکی نیشتیمانپەروەر بۆ کۆمەڵگاکەی خۆی دڵسۆز بووە و بە تەنگ کێشەکان و خەمە نەتەوایەتییەکانەوە بووە، ئیتر بۆ دەبێ لە بەهای شیعرەکانی کەم بکەینەوە و لە ئاست شاعیرەکانی دیکەی وەک نالی و سالم و کوردی و حاجی قادر نەیبینین، کە بە بڕوای من لە ڕووی ئیستێتیکای شیعری و لە ڕووی شیعرییەتەوە، شیعرەکانی وەفایی لەو شاعیرانە و لە سەرجەم شاعیرانی سەردەمی خۆی لە ئاستێکی خوارتر نییە، چونکە دەبێ درک بەو ڕاستییە بکەین کە سیاسەت ناتوانێ شیعر دەستەمۆ بکات و بیخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بەڵکو ئەوە شیعرە لە نێو ڕووبەرە فراوانەکەی خۆی جێگایەک بۆ سیاسەت دەکاتەوە.!، چونکە شیعر لەسەر مەعریفەیەکی گشتگیر ئیش دەکات، بۆیە دەتوانین بڵێین، شیعر لە سیاسەت ڕاناکات، بەڵام وەک چۆن سیاسەتیش وەک هەر چەمکێکی دیکە دوو دیوی هەیە، دەکرێ شیعر لە سەر دیوە جوانەکەی سیاسەت ئیش بکات. شیعر بە دوای چارەسەری کێشەکاندا ناگەڕێت، بەڵکو کێشەکان دەورووژێنێت، چونکە ئەگەر داوای چارەسەری کێشەکان لە شیعر بکەین، ئەوە وەزیفەیەکی دیاریکراو بۆ شیعر دادەنێین، لەم حاڵەتەشدا شیعر دەخەینە نێو بازنەیەکی دیاریکراو و سنووردار. بە بڕوای من شیعر (هیچ وەزیفەیەکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو شیعر ئامانجی هەیە..!)، ئامانجی شیعریش (گەڕانە بە دوای چەمکەکانی جوانی و بەرزڕاگرتنی بەها مرۆییەکاندا!). ئەو شیعرانەی بۆ عیشق و خۆشەویستی دەنووسرێن، لەنێو ڕووبەری بەها مرۆییەکاندا جێگایان دەبێتەوە. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ڕوانگەکانی مامۆستا گیو دەبینین لەگەڵ هەموو تووڕەیی و بێزارییەکانی لە کەسایەتی وەفایی، لەو لاوەش هەندێک دانپێدانان بەرانبەر ئیستێتیکا و داهێنانە شیعرییەکانی وەفایی دەکات و دەڵێت (هەر دەستە هەڵبەستێکی وەفایی چەشنە هەوایەکی ئاودار و خۆش و تایبەتی هەیە کە ئێستاش لە موکریانێدا لەناو هەموو کۆڕێکی بەزم و ئاهەنگ و سەیرانگایەکیدا هەڵبەستەکانی وی بە دەنگ و ئاوازەیەکی وا خۆش و پڕ سۆز و ئاسمانی دەخوێنرێنەوە کە دڵی هەزاران دڵداران ئاور تێ بەردەدەن). بەبڕوای من هێزی شیعر لەوەدایە کە سەرەڕای هەر ڕەخنەیەک، بەڵام ئاراستەی جوانییەکان لە دەست نەدەن، سیاسەت لە ڕووبەری ئەدەب و شیعردا مەیلێکی ئایرۆنی تێدایە، بۆیە شاعیر دەبێ وریا بێت لە مامەڵەکردنی لەگەڵ چەمکی سیاسەت، یان هەر چەمک و بابەتگەلێکی دیکە، بۆ ئەوەی ئیستێتیکای شیعرەکانی نەکاتە قوربانی ئەم چەمک و بابەتانە.

**سەرچاوەکان:**

**١- دیوانی وەفایی، چاپی سێیەمین / چاپخانەی کوردستان، هەولێر.**

**٢- بیرەوەرییەکانی وەفایی، گرد و کۆی، قازی محەمەد خزر، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی، هەولێر.**